# ڕێنوێن

## بابەت: پەندی زانایان

کۆکردنەوەی: غولام حوسێن ذولفەقاری
وەرگێڕانی: لەفارسیەوە محەممەد پشدەری
pishdari@hotmail.com
12-7-2006

# خۆشەویستی

- نەئاوی زۆر توانای کوژاندنەوەی بلێسەی ئاگری ئەوینی هەیە، نەهیچ دەریایێکیش دەتوانی نقومی بکات . (؟)
- بەهۆی ئەشقەوە ڕۆژگار لەبیردەکرێت، هەروەکو چۆن ڕۆژگاریش دەبێتە هۆی لەبیرکردنی ئەشق. (برایانی سەفا)
- پەیوەندی و خۆشەویستی ڕاستەقینە نەک بەدووری بەڵکو بە مردنیش کۆتایی نایێت. (گۆلتێر)
- زۆر نەخۆشی کە بەهۆی دەرمان چارەسەر ناکرێن، ئەشق چارەیان دەکات. (؟)
- لە یەک تاکە ئەشقدا هەزار بەڵا شارردراوەتەوە. (پەندی عەرەبی)
- لە ئەشقدا بێدەنگی لە قسەکردن باشتر مەبەست دەگەیەنێ. (پەندی ژاپۆنی)
- ئەشق تاکە نەخۆشیەکە کە نەخۆش تام و چێژی لێوەردەگرێ. (ئەفلاتۆن)

لە ڕاستیدا ئەشق جۆرێکە لە ئازار، بەڵام بێبەشیش لە ئەشق مردنە. (شکسپیر)

- ئەشق ئاگرێکە ئەگەر بکوژێتەوە ماڵ ساردو تاریکە، ئەگەر لە جێگای خۆیشیدا نەبێت، ماڵ دەسوتێنێ. (تن)
- خۆشەویستی دەبێ شادی هێنەر بێت نەک ڕەنج. (ناپلیۆن)
- ئەشق وەکوشەڕ وایە دەستپێکردنی ئاسانەو کۆتایی پێهێنانی زۆر زەحمەتە. (هەمەلمکن)
- ئەشق باشترین جەنگاوەرە، چونکە لە ماوەی یەک چرکەدا هێرش دەباتە سەر دڵ و مێشک و لەش. (ڤۆلتێر)
- ئەشق تەواوی گرفتاریە بچووکەکانی دونیا دەکا بەیەک گرفتاریگەورە. (ڤۆلتێر)
- پیرەکان کە ئاشق بن، گەنج دەبنەوە. (بەرناردشۆ)
- ئەشق ئەو بەڵایەیە کە هەموو کەسێک داوای دەکات. (ئەفلاتۆن)
- ئەشق گەورە ترین هێز لە گیانی مرۆڤدا پەیدا دەکات. (سەعید نەفیسی)
- ئەشق مرۆڤ ئاقڵ و بە ئەزموون دەکات. (؟)
- ئەشق ترس لەناو دەبات. (پەندی چیکۆسلۆگاکی)
- ئەو کەسەی ئەشق دەچێنی فرمێسک دەدرۆێتەوە. (پلینی)
- ئەوەی لەڕێگای ئەشقدا ڕەنج دەکێشێ هەست بە هیچ ئازارێک ناکات. (پەندی ئیتالی)
- ئەوەی وانیشان بدات کە باوەڕی بە ئەشق نەماوە مانای وایە کە ئەشق باوەڕی بەو نەماوە. (مارسل کرانسە)
- من لەبەر ئەوە ئاشق بووم، لە هەموو خۆشی یەکانی دونیا بەهرەم وەرگرتووە. (شکسپیر)
- من گرنگی بە ئەشق دەدەم چونکە دەمەوێ بژیم. (ژوژ ساندی)
- من تا لەگەڵ ئەشق بژیم هەر لاوم. (؟)
- پیاو لەکاتێکدا کەبە ئەوین گرفتار دەبێت بیر لەهیچ شتێک ناکاتەوە. (پەندی ئێرلەندی)
- هیچ شتێک ناتوانی حوکم بەسەر ئەویندا بکات. (شکسپیر)